## گەرووتان پڕ بکەن لە (نا)، بۆ سایکس پیکۆکان

................

گەرووتان پڕ بکەن لە (نا)، بۆ سایکس پیکۆکان

مشتتان تۆکمە کەن بە (نا)، بۆ داتەپاندنی دەوڵەت و سنوورەکانی سایکس پیکۆ

بەلێ بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی کوردستان..

١٦/٥/٢٠١٦، سەدساڵی رەبەق بەسەر یەکێ لە گەورەترین گوناهەکانی سەدەی بیستەمدا لەسەر دەستی هەردوو ئیمپریالیزم و هێزی چاوچنۆک ئینگلیز و فەرەنسادا،دەرهەق بە نەتەوەی کورد و نیشتمانەکەی کوردستان تێدەپەرێ.. رێکەوتننامەی سایکس ـ پیکۆ، دژ بە ویست و خواستەکانی کورد ئەنجام درا و کورد چ(بەڵێ)یەکی بۆ ئەم کارە دەرنەبڕیوە و هیچ جارێک دەستخۆشی لە ئەنجامدەرەکانی نەکردووە...

سایکس پیکۆ....واتە ، داگیر و دابەشکردنی کوردستان.

بندەستتی و زەلیلی نەتەوەی کورد.

بێدەوڵەتی ،بێ ئاڵایی،بێ ناسنامەیی،بێ دراویی و بێ پەساپۆرتی و

هەزاران بێ بێی تریش..

پێشێلکردنی مافی نەتەوەیەک و بە تاڵانبردنی نیشتمانێک

چەوساندنەوەی سیاسی و سەربازی و فەرهەنگی و ئابووری و ...هتد

خەنجەر چەقاندن لە دڵ و جەرگ و هەناوی نیستمانێک و پارچەپارچەکردنی

سەدساڵ چەشتنی تاڵاو و زوخاوی کوێرەوەریی و نەدۆزینەوەی

وڵاتی کوردستان ،لەسەر نەخشەی جیهان.

قەدەخەکردنی زمان و راگوێزان و بە ترک و فارس و عەرەبکردنی کورد.

رازیبوون، بە سەرۆکی فەیسەڵ و شا و ئەتاتورک و سەدام و مالکی

هەژدیهاکانی تری وان بە رێگاوە...

خۆدان بەدەستەوە وقبوڵکردنی ژێردەستی و چەوساندنەوە و ئەنفال بوون و

کیمیابارانکردن و جاشایەتی کرد بە هەموو بەرگ و واڵاکانییەوە.

لەبیرکردن و فەرامۆشکردنی،بیر و رێباز و خوێنی گیانبەختکردووانی

شێخی پیران و سەید رەزا و پێشەوا و بارزنی،زیندانییەکانی نوگرە سەلمان و

قەسری نیهایی و دیاربەکر و ئەڤین و ئەوانەی لە موسڵ لە سێدارە دران...

واته..... دەستخۆشی لە زەعیم سدیق و خالخالی و ئەردۆگان وعەلی کیمیاوی و جیش و حشدی شعبی...وووو

قبوڵکردنی سایسک پیکۆ،واتە بڵندکردنەوەی دەستی خۆبەدەستەوەدان،ئەوانەی نوێنەری ئەم بەرەیەن،سپڵی لاورگ و ریسوا و نەفرەت لێبووی نێو جەماوەر و ژیان و خۆفرۆشی نێو مێژوون.

رووڕەشی و ریسوایی ئەبەدی... بۆ ئەوانەی هەوڵی بەرجەستەکردنی سنوورە دەستکردەکانی نێو دڵی کوردستران، دەکەن.
خۆیان دەکەنە گارد و پاسەوانی سنوورەکانی داگیرکەران.
ئەوانەی سایکس پیکۆیان لا پیرۆزە و لە ئاستیدا بەزیون
ئەوانە زۆڵن و حەمزادە و بەچکە .................

بەڵێ خەبات بۆ... سەربەخۆیی نیشتمانێک کە ٥٠٠،٠٠٠ هەزار کم گەورەو زیاتر لە ٦٠ ملیۆن دانیشتوانی هەیە.
لە ڕێناوی هەڵتەکاندنی سنوورەکانی سایکس پیکۆدا.
نا ئیدی بەسە، ژێردەستی و زوڵم چەشتن و زۆرداری لە کۆڵ کردن...

نازانم سەرکردەی حیزب و لەشکری رۆشنبیرانی کورد،ئەواەی دژ بە سەربەخۆیی چالاکن و ژەهر تێکشکاندن دەکەن بەسەر دەوڵەتی کوردیدا ،چۆن غیرەت دەنوێنن و ئازایەتی نیشا ن دەدەن و جورئەتیان هەیە،تەماشای نەخشەی جیهان دەکەن ،بێ نەخشەی کوردستان. ‌ خر چۆن هەوڵ نادەن ئاسمان و زەوی تژی بکەن لە ئاگر و و لافاوی خوێن و شەپۆلی توورەیی و گەردەلوولی پرۆتێست ... ‌ ان ماستەکە بێ موو نییە؟؟!!

هەزاران نەفرەت لە ئەندازیارانی سایکس پیکۆ و هاوکار و پشتیوانەکانیان.. رووڕەشی بۆ ئەوانەی هەوڵی نۆخکردنەوەی سنوورە دەستکردەکان دەدەن.
ملیۆنەها چەمۆڵە مشتی،بۆ لمۆزی داگیرکەرانی کوردستان و هەموو کلک و مقاشەکانیان...
ئەوانە پاشکۆی سیاسەتی دوژمنانن، لە پەراوێزی مێژووشدا جێیان نایێتەوە...ترکیا و ئێران و عێراق و سوریا ،وڵاتی کورد نین..هەر وەک چۆن هەر کەسێ یەک دایکی هەیە،وا کوردستانیش تاکە دایکی تاقانەی کوردە...
تەنیا پووdەڵە و دۆڕاو و پروپووچەکانی رۆژگار و مێژوو،خەریکی لێدانی تەپڵ و ژەنینی زورنای داگیرکەرچێتی...
ئەو وانەکانە، خۆیان بەر لەهەر کەس و لایەکی تر، ەزانن چەند ریسوا و سووک و قەوزوی زۆنگاون...
بەڵێ بۆ.... سەربەخۆیی... نا بۆ ژێردەستی و جارێکی تری ئەنفال
ئازادی.........نا بۆ ریسوایی و زەلیلی قەرەج بوون




یەکسانی

دەوڵەتی نەتەوەیی و

ناسنامەی کوردستانی

روومەت و سەربڵندی و

مرۆڤ بوون.....

